چیرۆکی وەرگێڕدراو

# 5
# پێنج کورتیلە چیرۆک

و. لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی



- شەوێکی بارانی
- نهێنی
- ٨ی دیسامبری ١٩٨٠
- دایە گەورە و پیاوکوژی تەور بە دەست
- هەیتی سەرجادە

## شەوێکی بارانی

دۆلۆرێز رووپ

له ژێر لێزمەی باراندا، جادەی کوێستانیی جۆرجیا باش نەدەبیندرا. جودی کـه پیکابێکی دزراوی لێ دەخـوڕی لە ناکـاو پـای نایە سـەر سـتـاپ بۆ مسافیرێکی سپی پۆش کە بە پشووی سوارەوە سوار بوو: «ئۆتومبیلەکەم خراپ بووە!»

«پزیشکی؟»

«بەڵێ»

جـودی ئەو شـێـتـە جینایەتکارەی کـە تازە لە خـەسـتـەخـانـەی نەخـۆشـە دەروونییـەکان ڕای کردبوو پرسیاری کرد: «پزیشکی خەستەخانە؟» ویلیام ئەو پیـاو کـوژەی کـە تازە لە زیندان خـۆی دەرباز کـرد بوو بە درۆ گـوتی:

«بەڵێ»

## نهێنی

تام فۆرد

«پێویست ناکات ئەوەندە خۆت نارەحەت بکەی، واتسۆن»

«بۆت بە داخم، هۆلمز، هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئاخرییەکەی پشتت وە عەرز کەوت. هەرگیز ناتوانی نهێنیی ئەم جینایەتە ئاشکرا بکەی.» هولمز ڕاوەستا و بە دەسکی مۆدنەکەی وەک نیشانەی پێداگری ئاماژەیەکی کرد. « بۆت بە داخم کە وا نییە. من باش دەزانم کێ خاتوو ئۆر تینگنۆنی کوشتووە.»

«زۆر سەیرە! نە شاهیدێک! نە سەرە داوێک! کێ ئەم کارەی کردووە؟»

«من کردوومە، واتسۆن»

## ٨ی دیسامبری ١٩٨٠

کاتژمێر ٨:٥٩ دوانیوەڕۆ

ژنەکە کتێبە مێژووییەکەی دانا و ئاخێکی هەڵکێشا.

«ئەو ژەنەراڵ کاستێرە، قەت قەت نەدەبوایە هەرێمی ئەمنیدا کۆتای جێ هێشتبا.»

پیاوەکە بەپەلە تر لەوە بوو گوێی بداتێ. گیتارەکەی هەڵگرت و بەرەو دەرگە ملی پێوەنا.

«بە جەحەنەم، یۆکۆ. وەرە با بڕۆین.

خەریکە وە درەنگ دەکەوین.»

دەیوید کانگالتۆن

## دایە گەورە و پیاوکوژی تەور بە دەست

پیاو کوژی شێتی تەور بە دەست لە ماڵەکە نیزیک بووەوە. سەر لەبەری گەڕەکی تاڵان کردبوو، هەمبانەی خەنیمەتەکانی کەم و زۆر پڕ ببوو.

پیرێژنەکە بە تەنیا لە نێو ماڵەکەیدا دانیشتبوو و شتی دەچنی. پیاوکوژەکە تەورە خوێناوییەکەی بەرز کردەوە و زەنگی ماڵەکەی لێدا. پیرێژنەکە هێواش دەرگەی کردەوە و چاوێکی لە دەمو چاوی کرد.

کوڕە چکۆلەکە نەڕاندی: «شتێکم بۆ بخە بن تاوەو گیانی خۆت ڕزگار کە.»

دایان ئێلیۆت

## مەیتی سەرجادە

«باوکە، بڕیارە منیش ئێمشەو بچم بۆ «پاکسازی»!»

«دەبێ خۆش بێ، کوڕم»

«دەڵێن دەبێ لانی کەم مەیتێک لە سەرجادە بدۆزینەوە.»

«مەیت؟ چەند ترسناکە!»

«ئۆتومبیلەکەم پێ دەدەی؟»

«... باشە!»

«... با بزانم، باشە دەچم. بە هیوای دیدار.

«بە دڵنیاییەوە!»

سپینی بازوکاوتیس